# ئازادیی فیکری
# له خۆرهه‌ڵات و خۆرئاوا

**هاشم ساڵح**
**له عه‌ره‌بییه‌وه: شوان ئه‌حمه‌د**



گۆڤاری مانگانه‌ی (مێژوو) که له فه‌ره‌نسا ده‌رده‌چێت، له دوا ژماره‌یدا دۆسێیه‌كی تایبه‌ت كردووه بۆ ئازادیی فیكری له هه‌ریه‌كه له جیهانی ئیسلامی‌و خۆرئاوادا. باسه‌كانی ئه‌م دۆسێیه ئه‌وه‌مان پێده‌ڵێت، كه ئه‌و ئازادییه‌ی هه‌نووكه له خۆرئاوادا رێپێدراوه. له سه‌ده‌كانی پێشووتردا یاساغ بووه، ته‌واو وه‌كی ئه‌وه‌ی ئێستا له جیهانی عه‌ره‌بی‌و ئیسلامی هاوچه‌رخدا ده‌یبینین. له یه‌كێك له وتاره‌كانی ئه‌م دۆسێیه‌دا «پاتریك بۆشرۆن»ی لێكۆڵیار، كه مامۆستایه له زانكۆی سۆربۆن، پێمان ده‌ڵێت: (ئازادیی فیكر له سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا هه‌بووه، به‌ڵام زۆر به‌رته‌سك‌و سنووردار‌بووه. له‌و قۆناغه‌دا كڵێسای مه‌سیحی هێڵی سووری بۆ بیریاران كێشابوو و بۆیان نه‌بوو بیبه‌زێنن، یه‌كه‌مین شتیش نه‌ده‌بوو قه‌ره‌ی بیروباوه‌ڕی مه‌سیحی بكه‌ون یاخود به شێوه‌یه‌كی ئه‌قڵانی- ڕه‌خنه‌یی، تاوتوێی بكه‌ن..

هەرکەسێك کارێکی لەو جۆرەی بکردایە، دەستبەجێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکردو سزایەکی توندیان دەدا، چاکترین بەڵگەیەکیش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە لە پاریس بەسەر یەکێك لە شوێنکەوتووانی ئیبن روشددا هات، بەناوی سیجیر دو برابان.. دوای ئەوەی قەشەی پاریس فەتوای حەرامکردنی بیرو بۆچوونی ئیبن روشدو ئەرستۆی دەرکرد، دو برابان ناچار بوو بەرەو ئیتاڵیا هەڵبێتو لەوێش لە هەلومەرجێکی نادیاردا بە کوژراوی لە ژوورەکەی خۆیدا دۆزییانەوە).

بابزانین ئەو تاوانە چی بووە کە روشدیزمەکان لەو کاتەدا لە زانکۆی پاریس ئەنجامیان دا؟ ئەوانە تەنها لە هەوڵی ئەوەدابوون کەمەکێك لە ئایین دوورکەونەوەو گرنگی بە فەلسەفە بدەن، ئەمەش لە سەدەکانی ناوەڕاستداو لە ناوەندەکانی زانکۆدا (بێگومان لەناو زانکۆی سۆربۆنیشدا) شتێك بوو دژ بە بیرو بۆچوونی باو بوو. خەڵکانی ئەو سەردەمە وەها لە فەلسەفەیان دەڕوانی، کە بەتەنها ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی تیۆلۆژیای مەسیحی. ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی باوەڕهێنان بە بیروباوەڕی مەسیحی، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەقڵ بۆ سەلماندنی راستیو دروستیی ئەو بیروباوەڕە. لە دەرەوەی ئەمەدا هەرکەسێك داوای جیاکردنەوەی فەلسەفەی لە تیۆلۆژیا بکردایە یاخود «ئەرستۆ»و «ئیبن روشد»ی لە پاپاو پیاوانی ئایین پێ باشتربوایە، ئەوا بەر نەفرەتی یەزدان دەکەوت!.. ساڵی ١٢٧٧ قەشەی پاریس «ئیتیان تامبیێ» فەرمانی قەدەغەکردنی ٢١٩ تێزەی فەلسەفی دا، کە لە زانکۆی پاریسدا دەخوێندرا، چونکە پێی وابوو ئەوانە لە ئایینی مەسیحی لایانداوەو بە کوفرو گومڕایی دەزانین. بەمجۆرە ئەوروپا پێی نایە ناو قۆناغێکی تولانی لە ململانێی نێوان ئەقڵو نەقڵ یاخود نێوان ئایینو فەلسەفە.

ساڵی ١٤٨٧ پاپا فەتوایەکی دا بۆ قەدەغەکردنی کتێبی فەیلەسووفانی سەردەمی ڕێنیسانس، بە تایبەتیش کتێبەکانی «بیك میراندۆلی». پاپا خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لە خەڵك قەدەغەکردو تەنانەت ڕێگریی ئەوەشی لێکردن چاپی بکەنەوە یاخود ببنە خاوەنی. لە ساڵی ١٦٣٣دا تاوانبارکردنە تیۆلۆژییە بەناوبانگەکەی «گالیلۆ» رویدا، لەبەر ئەوەی پێی وابوو زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە نەك بە پێچەوانەوە. ئەم تاوانبارکردنەی «گالیلۆ» ترسێکی گەورەی خستە دڵی «دیکارت»ەوە، بۆیە لە دواساتدا بڕیاری دا، کە کتێبەکانی خۆی بڵاونەکاتەوە. «دیکارت» بەجۆرێك کەوتە خۆسانسۆرکردن، کە هەندێك بە ترسنۆکی تاوانباریان دەکرد، بەڵام ئەوانە بە هەڵەدا چووبوون، چونکە ئەو پیاوەی کە «هیگڵ» بە سەرمەشقی فیکر ناودێری کردبوو ترسنۆك نەبوو، بەڵام زۆر چاك دەیزانی کە هاوکێشەی هێز تێکچووەو هیچ لە بەرژەوەندیی ئەو نییە، واتە لەبەرژەوەندیی فەلسەفەو ئەقڵدا نییە. لەبەر ئەوە سیاسەتی خۆپاراستن یان خۆسانسۆرکردنی بەکارهێنا، وەك چەکێکی فەلسەفیی کارا بۆ بەشەوارەخستنی کڵێسای مەسیحیو پیاوانی ئایینی، لەم بارەیەوە «دیکارت» قسەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت: (فەیلەسوف بە ماسکەوە دێتە سەر شانۆی مێژوو)، واتە بە یەکجار هەموو شتەکانی خۆی ئاشکرا ناکات. شپرزەییو پرکێشیکردن گرنگ نییەو رەنگە ئاکامی پێچەوانەی هەبێت، هەر بۆیە کتێبەکانی هەندێجار بە ناوی خوازراوەوە یان بەبێ ناو بڵاودەکردەوە. بەمجۆرە توانیی لەسەر پرۆژە فەلسەفییەکەی بەردەوام بێتو وەکی دیارییەك بیگەیەنێتە دەست نەوەکانی داهاتوو.

«دیکارت» ئەگەر شپرزەو سەرەڕۆ بوایە لە هەرەتی داهێنانیدا دەیانکوشت، بەڵام ئێمە ئەوکات لە فەلسەفەی دیکارتیزم یاخود لە بەشێکی زۆری ئەو فەلسەفەیە بێبەش دەبووین. دەتوانین هەمان شت دەربارەی «سپینۆزاو ڤۆلتێرو دیدرۆ»و چەندانی دیکەی وەك ئەوان بڵێین. کەواتە پێویستە بیریاری مەزن ئاگای لەخۆی بێتو خۆی بپارێزێت، نەك تەنها لەبەر خۆی، بەڵکو لەبەر خاتری ئێمەش، تابتوانێت ئەقڵی ئینسانەکان رووناك بکاتەوەو راستە ڕێگایان پیشان بدات. سەبارەت بە جیهانی ئیسلامیش کە هەنوکە لە هەمان ئەو دۆخە تاریکەدا دەژی، کە ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تێیدا دەژیا، لەبەردەم هەمان هەڕەشەدایەو ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە دەبێتەوە. بیریاری تونسی «عەبدولوەهاب موئەدەب» پێی وایە هەموو ئەو داهێنانە مەزنانەی لە بواری شیعرو ئەدەبو فیکردا کراون کەسانێك ئەنجامیان داوە، کە نەیاری پیاوانی ئایینی بوونو دژی ئەو دۆگماتیستە داخراوەی ئەوان بوون. لەم بارەیەشەوە نموونە بە: «بەشار

بن بوردو ئەبو نەواسو عومەر خەیامو ئەبو عەلای مەعەڕیو ئیبن عەرەبیو ئیبن روشدو ئیبن سینا» دێنێتەوە. هەندێك لەوانە تەكفیركرانو لە بەرامبەر كارەكانیاندا باجێكی گرانیان دا، بەڵام هەندێكی دیكەیان توانییان خۆیان قوتاربكەن.. «بەشار بن بورد»و «ئیبن موقەفەع» كوژران، لەكاتێكدا «ئیبن راوندی» هیچی لێ نەهات، ئەگەرچی زۆر لەوان ترسناكتربوو. شایەنی باسە لە جیهانی ئیسلامیدا خەلیفەكەی بیویستایە دەیتوانی ژیانی شاعیرانو فەیلەسوفان بخاتە مەترسییەوە، ئەگەر یەكێك لە پیاوانی ئاینیو فەقێو دادوەران قسەیان بۆ بكردایەو بەدگومانیی خۆیانیان لەو كەسانە پێ رابگەیاندایە. هاوكات خەلیفە دەسەڵاتی ئەوەشی هەبوو سنوور بۆ ئازادیی بیركردنەوە بكێشێتو كەسیش بۆی نەبێت بیبەزێنێت، بەڵام تەنها ئەو داهێنەرانەی لە سەرەوە ناومان هێنان توانییان ئەو سنوورانە بشكێننو بەمەش ناویان بە نەمری لەسەر لاپەرەكانی مێژوو مایەوە. هەرچۆنێك بێت «عەبدلوەهاب موئەدەب» پێی وایە لە سەردەمی شارستانییەتی ئیسلامیدا پەراوێزێك بۆ ئازادیی بیركردنەوە هەبووەو لە قۆناغەكانی دواتردا داخرانی فیكری دەست پێكردووە. لەگەڵ دەستپێكردنی داخرانی فیكریشدا، جیهانی ئیسلامی پێی نایە ناو قۆناغێكی تاریكەوەو تا ئێستاش لێی دەرباز نەبووین، بگرە لە ئێستادا تاریكترین چركەساتەكانی دەگوزەرێنین.

بە بۆچونی «ئەلموئەدەب» یەكەمین داخران لە كۆتایی سەدەی یازدەهەمدا رویدا، واتە لە سەردەمی سەلجوقییەكاندابوو تیۆریسینی گەورەی ئەم سەردەمە «ئەبو حامدی غەزالی»یە، كە لە ساڵی ١١١١دا كۆچی دواییكردووە. موسڵمانان لەم سەردەمەدا پێیان وابوو گەشتوونەتە مەعریفەی رەهاو دەستیان بە ترۆپكی زانست گەیووە. بێگومان كارەكتەری سەرەكیو قارەمانی ئەم قۆناغە «غەزالی»یە، ئەوەتا تا هەنوكەش ناوی كتێبە سەرنجراكێشەكانی ئەو، زرنگەی دێت لە گوێماندا: (الَقتصاد في الاعتقاد، فيصل التفرقة بين الاسلام والزندقة، مقاصد الفلاسفة، تهافت الفلاسة، مشكاة الأنوار، القسطاس المستقيم، المنقذ من الظلال و....) هتد، هەروەها نابێت كتێبی (أحياَو علوم الدين)یشمان لەبیربچێت. لەو سەردەمو رۆژگارەدا «غەزالی» توانیی سستمێكی فیكریی كۆنكرێتی فۆرمەلە بكات، كە تێپەراندنی زەحمەت بێت. هەربۆیە بە درێژایی هەزار ساڵ بوو بە رێبەری موسڵمانان. «غەزالی» بە هۆی رۆچوونی بەناو عیرفانو غەیبانییەتدا چەمكی ئەقڵانییەتو تەواوی ئەو دەستكەوتانەی موعتەزیلەو فەیلەسوفانی بە درێژایی هەزارساڵ پایەماڵكرد. تەنانەت «ئیبن روشد»یش نەیتوانی ئەو كاریگەرییە زۆرەی لەسەر جیهانی ئیسلامی كەم بكاتەوە، كاتێك لە كتێبە مەزنەكەیدا (تهافت التهافت) بەرەنگاری بووەوە. بەمجۆرە هێدی هێدی جیهانی ئیسلامی داخڵ بە تاریكیو نەزانی دەبوو، لەگەڵیشیدا لە بزاوتی زانستو زانین دادەبرا. ئەوە وایكرد جیهانی ئیسلامی دوابكەوێتو گەلانی دیش پێشبكەونو بۆریان بدەنەوە. دووەمین داخرانی فیكری، كە ئازادیی فیكری لە جیهانی ئیسلامدا لە باربرد، لەو ماوە مێژووییەدا رویدا، كە دەكەوێتە نێوان سەدەی سیانزەو سەدەی چواردەوە.

هەرلە درێژەی قسەكانیدا «عەبدولوەهاب موئەدەب» دەڵێت: (داخرانی سێهەمیش لە سەردەمی ئەمرۆماندا رویداو ئەویش بە هاتنی حەسەن بەنناو دروستبوونی رێكخراوی ئیخوان موسلیمین دەستییێكردو ئەمانیش وەكی خەواریجەكان كەوتنە تەكفیركردنی خەڵكانی دەرەوەی خۆیان.. حەسەن بەننا بە هاتنی، توانیی ئەو پرۆژە چاكسازییە ئەقڵانییە كراوەیەی محەمەد عەبدەو جەمالەدینی ئەفغانی لەباربەرێتو كۆتایی پێ بێنێت). ئێمە لە ئێستادا باجی ئەوە دەدەین، كە چۆن ئەو بزاوتە چاكسازیو رابونخوازە خەفەكرا.

**سەرچاوە:** الشرق الاوسط ٢٠٠٧/٢/٢٥